## کارۆخ ئیبراهیم حەکیم:

# شانۆکاری کورد هەوڵی بەدیهێنانی خەون

**هونەرمەندی لاو کارۆخ ئیبراهیم حەکیم بەر لە ماوەیەك نوێترین کاری شانۆیی خۆی (یەک رۆژ لە دە شەودا) لە هەولێر لە هۆڵی رۆشنبیری نمایش کرد، دواتریش لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ سێ خەڵاتی بەدەستهێنا، وەك زۆربەی کارەکانی دیکەی کارۆخ بە رۆحێکی گەنجانەوە هەندێك کێشە دەوروژێنێت و بەشێوازێکی هونەری دەیانخاتە ڕوو، لەم کارەدا کۆمەڵێک پرسی نهێنی باس کران کە لە کۆمەڵگادا بە شێوەی جیاجیا بوونیان هەیە و هەموو لایەك درکی پێدەکەن، بەڵام تا ئێستا وەك پێویست باس نەکراوە و تیشکی نەخراوەتە سەر، بە دەستهێنانی سێ خەڵات لە فیستیڤاڵی هەولێر نیشانەی سەرکەوتنی ئەم کارەی کارۆخە، بۆیە ئێمەش سەبارەت بەم کارە و چەند بابەتێکی دیکە رووبەرووی چەند پرسیارێکمان کردەوە کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

**فۆتۆ/ سەفین حەمید**





*** هۆی چی بوو ئەم ساڵ لە فیستیڤاڵی شانۆ سێ شانۆکاری لاوی کوردستان خەڵاتیان بە دەست هێنا؟**

- هۆکار تەنها ئەوەیە، کە شانۆکاری کورد لە هەوڵی جددیدایە، کە نەک تەنها خۆی نمایش بکات، بەڵکو هەوڵی بەدیهێنانی خەونەکانی لە خەیاڵەوە دەکاتە واقیعێک کە هەمووان پێی سەرسام بن، کوالێتی کارەکە و نیشاندانی نمایشی بە پێز حەتمەن دەرئەنجامی باشی دەبێت، بە دەست هێنانی ئەو خەڵاتانەش لە هەوڵ و ماندوو بوونی تەواوی ستافی کار بە دەست هاتووە.


*** چەند خەڵاتی دیکەت بە دەستهێناوە جگە لە فیستیڤاڵی هەولێر؟**


- سرووشتی من وایە، حەز ناکەم کارەکانم لە چوارچێوەی فیستیڤاڵ نمایش بکەم، دەمەوێت رۆژێکی تایبەت هەبێت بۆ نمایشەکانم، بەشداری کردنی ئەو دواییەم لە سێیەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ شانۆ، لەسەر خواستی من نەبوو، ئەوە حەقیقەتێکە و من دانی پێدادەنێم، بەڵکو لەسەر داوای تەواوی ستافی کار بوو، کە بە باشیان زانی بەشدار بن، چونکە دڵنیابوون لەوەی کە دەرئەنجامی باشی دەبێت، کە لە کۆتاییشدا پێشبینیەکەیان هاتە دی.

*** ئایا سازکردنی فیستیڤاڵێکی تایبەت بە شانۆی کوردی چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر شانۆی کوردی؟**

# ـــەكانی لە خەیاڵەوە دەكاتە واقع







- من لە ئێســـتادا هەموو هەوڵێک بـــە ئەرێنی دەبینم، چونکە لەو قۆناغەدا دەبێت ئێمە هەوڵ بدەین جارێ مامەڵە لەگەڵ پێداویســـتییە گرنگەکان بکەین، با لە هەڵەی زۆر دەست پێبکەین تا ئەزموونی زیاتر وەرگرین.

*** هیـــچ کارێك بێ ڕەخنە گرتن ســـەرکەوتوو نابێ، ئەو ڕەخنانەی لە کارەکانی تۆ گیراون، بە مەبەســـتی شکاندن و ســـاردکردنەوە بوون یان ڕەخنەی بابەتی بوون و خزمەتیان بە تۆ کردووە؟**

- هەمیشە ڕەخنە خاڵی سەرکەوتنی ئێمە بووە، بەڵام لێت ناشارمەوە کە من مامەڵە بە پێی جۆری ڕەخنەکە لەگەڵ بابەتە ڕەخنەییەکە دەکـــەم، بە هۆکاری ئەوەی کە چەند ساڵێکە خۆم وانەی ڕەخنەی شانۆیی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان دەڵێمەوە، بۆیە ئەوەش هۆکارێکی باشە بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات لە جۆری مامەڵە کردنەکە.

*** لە کارەکانتـــدا چ خاڵێکی هاوبـــەش هەیە کە بینەر هەستی پێ بکات و سەرنجی رابکێشێت؟**

- لـــەلای ئێمـــە خاڵی هاوبەش ئەوەیە کە هەمیشـــە لە پاڵ پەیامی کاری شـــانۆیی هەوڵمانداوە چاوی بینەر بە جوانییەکی تر ئاشـــنا بکەین، جا بە هەر هۆکارێک بێت، خاڵی هاوبەشی هەموو کارەکانم ئەوەیە، کە هەمیشە بینەر چاوەڕێی بینینی تەکنیکی نوێ دەکات لە ئێمە بە تایبەت لە بەرهەمی ساڵی گروپی گەنج بۆ شانۆ.

*** ســـازدانی فیســـتیڤاڵێکی تایبەت بە گەنجان چۆن کاریگەریی دەبێت لەسەر پێشخستنی شانۆی کوردی؟**

- مـــن لەگەڵ هەر هەوڵێکم کە لەو بوارەدا بدرێت و ببێتە هۆی گەشانەوە و پێشخستنی شانۆی کوردی.

*** ئەگەر بە پلە پێت بڵێین شانۆی کوردی لە چ ئاستێکدا بە ڕێژەی سەدی چەندی بۆ دادەنێی و لەبەرچی ؟**

-من خۆم تەســـلیم بە هەڵەیەکی مێژوویی ناکەم، کاری من نییە پێوەر بۆ شانۆ لە کوردستان دابنێم، ئەوە پێویستی بـــە توێژینەوە و لێکدانەوەی ورد هەیە، بۆیە دیاری کردنی ئەو ڕێژەیە بۆ ئەو کەســـانە جیدەهێڵم کـــە لە داهاتوو لە ئەنجامی کۆمەڵێک توێژینەوە دەگەنە دەرئەنجام.

*** کاری داهاتووتان چی دەبێ؟**

-(بـــە پێکەنینەوە) ڕەنگە واز بهێنم، یان ئەگەر نا کاری داهاتووم پرۆژەی وێستگەیە، بە شانۆگەری «دەچمە ماڵی فیرعەون» کاری گەنج بۆ شانۆیە.ئەوەی کە زۆر گرنگە لە ئێستادا بڕیارمداوە تۆزێک ئاگام لە نەخۆشییەکەم بێت چونکە بە هۆی دواین کارم ئیهمالیم لەبەرامبەر نەخۆشیە درێژخایەنەکەم کردووە، ئێســـتاش هەست دەکەم ماندووی کردووم.

# کیم جلوبەرگەکانی ئاشکرا دەکات

لە بەرنامەیەکی گفتوگۆی تایبەتی شەوانە کە لە سەر تەختی یەکێك لە شانۆکانی لۆس ئەنجلۆس ئەنجامدرا، کیم کارداشیان بەشێوەیەك دەرکەوت کە سەرنجی هەموو ئامادەبووانی راکێشا و ژمارەیەکی پێوانەییشی تۆمار کرد لە ژمارەی بینەران.
بەرنامەی (لینۆ) کە لە تۆڕی «NBC» ی ئەمریکی پێشـــکەش دەکرێت کیم کارداشـــیان بەشـــێوەیەکی ســـەرنجڕاکێش دەرکەوت دوای ئەوەی ٥٠پاوەند کێشـــی دابەزاند، جگە لە کێشی کەمی و باڵای رێکی، کیم سەرنجی ئامادەبووان و بینەرانی بۆ لای خۆی راکێشا دوای دەرکەوتنی بە کراسێکی دانتیلی سپی تەنك کە جلەکانی ناوەوەی بە تەواوی دیار بوو.
کیمی تەمەن ٣٣ ســـاڵ بە پێشکەشکاری بەرنامەکەی راگەیاند، زۆر دڵخۆشە بە لە دایکبوونی کچەکەی و دابەزاندنی کێشـــی لەشی بەو شێوەیە و ئەمەشی بۆ کانی ویستی هاوڕێی گەڕاندەوە، لە لایەکی دیکەوە کیم کارداشیان ئەنگوستیلەیەکی تایبەتی خۆی لە خانەی کریستز لە نیویۆرك لە مەزادێکی فرۆشت کە هاوسەری پێشـــووی وەك دیاری پێشکەشی کردبوو و نرخەکەشی گەیشـــتە ٦٢٠ هەزار دۆلار، بەڵام ئەو کەسەی کڕی پێویستە بڕی ٧٤٠ هەزار دۆلار بدات دوای ئەوەی نرخی باج و خەرجییەکانی دیکەشی خرایە سەر.
پێشتر نرخی ئەنگوستیلەکە بە ٢ ملیۆن دۆلار راگەیەنرا، بەڵام کەس ئامادە نەبوو ئەم نرخەی پێ بدات.




# لۆنگۆریا لە سەرکێشیەکانی بەردەوامە

هەندێك لە ئەستێرەکانی سینەما بەوە ناسراون کە ناتوانن بۆ ماوەیەك لەگەڵ پیاوێك بمێننەوە و دواتر جیا دەبنەوە و ژیانێکی نوێ دەســـت پێدەکەن، ئیڤا لۆنگۆریای ئەکتەری ئەمریکی ئەویش بەوە ناســـراوە کە پێوەندی هاوســـەرگیریی زوو دەبەستێت و دوای ماوەیەك بە هەر هۆیەك بێت لێی جیا دەبێتەوە و ئەو کەسانەی ژیانی هاوسەرگیرییان لەگەڵ دەبەستێت لە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگان.
بـــەم دواییە ئیڤـــا پێوەندیی خۆشەویســـتی لەگەڵ بیزنســـمانێکی مەکسیکی دروستکردووە، لەم بارەیەوە ماڵپەڕی (بیپۆل)ی ئەمریکی لەسەرچاوەیەکی نزیکی ئیڤا بڵاوی کردووە کە ئیڤای تەمەن ٣٨ ساڵ ئێستا لە پێوەندیدایە لەگەڵ بیزنسمانێکی مەکسیکی کە بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین و ســـەرکەوتووترین بیزنسمانەکانی ئەو وڵاتە دادەنرێت و بڕیار وایە لە ماوەیەکی نزیکی ژیانی هاوســـەری پێك بهێنن. لە مانگی ئابی رابردوو ئیڤا دوای ٤ مانگ پێوەندیی هاوسەرگیری لە بەڵێندەرێکی ئەمریکی بەناوی ئەرنستۆ ئەرغویل جیا بۆوە، پێشتریش بـــۆ چەند جارێك لە ئیدوارد کروزی بـــرای پینیلۆپ کروز جیابۆوە و دواتر ئاشـــت دەبوونەوە، هەروەها دوای ماوەیەك ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئەســـتێرەی تۆپی ســـەبەتەی فەرەنســـی تۆنی پارکر دواتر جیابوونە و ئێستا پارکەر پێوەندی لەگەڵ ئافرەتێکی دیکە هەیە.

# بۆچی هالە

خانمە ئەکتەری میسری هالە سدقی بەوە ناسراوە کە هەمیشە رای خـــۆی بە جورئـــەت و راشـــکاوانە دەردەبڕێت بێ ئەوەی گـــوێ بە کاردانەوەکان بدات و هیچ کاتێك لە بابەت و کێشـــە سیاسییەکانی میسر دانەبڕاوە بەتایبەتی دوای شۆڕشی ٢٥ی یەنایرەوە و تا ئێستا. هالە کە مەسیحییەکی قبتییە بەم دواییە نامەیەکی بە ناوی ٩٠ ملیۆن میسری گەیاندە کۆشکی سپی ئەمریکی بـــۆ کۆتایی هێنان بە حوکمی ئیخوان موســـلمین، دەربارەی ئەم نامەیە هالە دەڵێ: کۆشـــکی سپی ئەمریکی لە





# لە پێناو ژینگە واز لە سابوون دەهێنێت

ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی براد بێت بڕیاریدا لەمەودوا چیتر سابوون بەکارنەهێنێت بۆ شوشتن و لە جیاتی ئەو تێکەڵێك لە لیمۆ و سێوو سرکە بەکاربهێنێت وەك هەنگاوێك بۆ پاراستنی ژینگە.

گۆڤاری (دەیلی ستار)ی بەریتانی لە سەرچاوەیەکی نزیك لە براد بێتی گواستەوە، دوای ئەوەی لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا زۆری خوێندەوە دەربارەی زیانەکانی سابوون و ئەو ژەهرە زۆرانەی لە خۆد دەگرێت بەتایبەتی دژە بەکتیریاکان و کەرەستەکانی دژی ئارەقە کردن و بۆی دەرکەوت کە زیان بە ژینگە دەگەیەنێت، هەروەها دەبێتە هۆی زوو پیر بوونی مرۆڤ، بۆیە بڕیاریداوە بە یەکجاری لێیان دووركەوێتەوە و لە جیاتی سابوون تێکەڵێك بەکاربهێنێت کە پێکهاتووە لە لیمۆ و سێو و سرکە و ئاو و هەرخۆیشی لە ماڵەوە ئەم گیراوەیە ئامادە دەکات.

هەمان گۆڤار سەبارەت بە هەڵوێستی ئەنجلینا جۆلی دەربارەی ئەم رەفتارەی براد، رایگەیاند کە ئەنجلینا زۆر لەم رەفتارەی براد رازی نییە و بە ئاشکرا پێی راگەیاندووە، بەڵام داواشی لێنەکردووە کە ئەم کارە نەکات.

شایەنی باسە ئێستا براد لە لەندەنە بۆ تۆمارکردنی فیلمێکی نوێی بە ناوی (فیوری) هەروەها ئەنجلیناش ئێستا لە ئوسترالیایە بۆ رێکخستنی کارەکانی دووەمی فیلمی خۆی وەك دەرهێنەر دوای سەرکەوتنی لە کاری یەکەمی.

# هاوڕێکانی لە دەستداوە؟

ماڵپەری ئەلیکترۆنی خۆی رایگەیاند بوو ئەگەر ١٠٠ کەس رازی بن لەسەر ئەوەی ئیخوان موسلمین وەك رێکخراوێکی تیرۆریستی بناسرێ و کارەکانی قەدەغە بکرێن بەوەی هەڕەشە لە ئاشتی و سەقامگیریی جیهان دەکات، ئەوا ئەم داواکاریە بەرز دەکرێتەوە بۆ کۆنگریس، بۆیە منیش ئەم نامەیەم بە ناوی ٩٠ ملیۆن کەس بۆیان بەرز کردەوە. سەبارەت بە کاردانەوەی ئیخوانیش دەڵێ: من بە بێ ترس و راشکاوانە هەمیشە وتوومە مورسی بە سەرۆکی خۆم نازانم و شایەنی ئەوە نییە ببێتە سەرۆکی میسر بۆیە هەر بە دکتۆر مورسی باسم دەکرد، زۆر لە هونەرمەندان ترسیان هەبوو لەم کارەی من تەنانەت هەندێکیان لێشم توڕە بوون، بەڵام زۆربەیان پشتگیریی منیان کرد و دەستخۆشییان لێکردم.

# سایە بەر لەوەی دەست پێبکات وازی هێنا



ساڵی ٢٠١١ سایە لەتیف بۆ یەکەم جاروەك کچە کوردێك بەشداری لە نۆیەمین ئۆڵۆمپیاتی نێودەوڵەتـــی تورکی بۆ گۆرانـــی کرد و لەبەر توانا و لێهاتوویی توانی پلەی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق و سێیەم لەسەر ئاســـتی جیهان بەدەســـت بهێنێت، هەرچەندە سایە خاوەن توانایەکی زۆرە، بەڵام میدیاکانی کوردستان گرنگی ئەوتۆی پێ نەدا تەنانەت تا ئێستاش میدیای کوردی زانیاری ورد و تەواویان نییە دەربارەی چۆنیەتی بەشـــداری کردنی ئەم کیژۆڵەیە و ئەو ســـەرکەوتنەی لەو ئۆڵۆمپیاتە بە دەســـتی هێنا و میدیاکان تا رادەیەکی زۆر پێی نامۆن، ســـایە ئێستا قوتابییە لە پۆلی دوازدەی بنەڕەتی.

سایە کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ بڵاو کردنەوەی بەرهەمێکی هونەری و چاوەڕێی دواڕۆژێکی گەشـــی لێدەکرا، چونکە خانەوادەکەی پشتگیرییەکی زۆریان دەکرد و بە هەموو شێوەیەك هانیان دەدا بۆ بەردەوام لە کاری هونەری، بەڵام لە ناکاوی بڕیاریداوە لە واز لە گۆرانی وتن بهێنێت و ئەم بڕیارەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی هونەر لەو وڵاتە هونەر نەبووەتە شتێکی باو لای خەڵك و تا ئێستا هونەرمەندان بەو شێوەیە باس ناکرێن کە شایەنیان بێت.

لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان سایە رایگەیاند کە ئەم بڕیارەی پەیوەندی بە لایەنی ماددییەوە نییە و وتی: هەرچەندە من لە سەرەتای کاری هونەریم، بەڵام ئەوەی من تێبینیم کردووە هونەر لای خەڵکی کوردستان نەبووەتە شتێکی باو، بەجۆرێك ئەگەر لە شوێنێك باس لە کاری هونەری خەڵکانێك هەن یەکسەر پێت دەڵێن ئەوە باسی چی دەکەن، ئەمەش وایکردووە کە لە کاری هونەری سارد ببمەوە و پێم وایە وازهێنان لە هونەر بڕیارێکی باش و گونجاوە، هەرچەندە خانەوادەکەم بەتایبەتی براکەم پاڵپشتییەکی زۆرم دەکەم و بەردەوام هانم دەدەن.

سایە ئەوەشی روون کردەوە کە بڕیارەکەی پێوەندی بە لایەنی ماددییەوە نییە و وتی: لایەنی ماددی بۆ من گرفت نییە بە قەد ئەوەندەی لایەنی مەعنەوی گرنگە، چونکە ئەگەر خەڵك پشتگیری لە هونەرمەند نەکات با بەرهەمی هونەریشی هەبێت کاریگەری نابێت.

# لاوازترین کچە ئەکتەرەکانی هۆڵیۆد

١- دیمـــی مۆر: دوای ئاشـــکرا بوونی خیانەتی هاوســـەری تووشی شۆك بوو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نیوەی کێشی لەشی لە دەست بدات.

٢- ئەنجلینا جۆلی: کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ جەستەیەکی نموونەیی هەبوو، بەڵام ئێســـتا کێشی زۆر دابەزیوە و لە ئێسکە پەیکەرێك دەچێت، چونکە کێشـــی لەشی تەنیا ٤٤ کیلۆگرامە، ئەمەش رەنگە بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری بگەڕێتەوە.


٣- بـــەر لە چەند هەفتەیەك دینیس ریچارد دوای ماوەیەك ون بوون دووبارە دەرکەوتەوە، بەڵام بە دەرکەوتنی جەماوەری تووشی شۆك کرد و لە ئێسکە پەیکەرێك دەچوو.

٤- لین ریمسی گۆرانیبێژی لادێی بە شێوەیەك کێشی دابەزیوە کە بەردەوام رووبەڕووی رەخنە دەبێتەوە.


٥- ســـەرەڕای جوانی و رێکیی لەشـــی، بەڵام میگان فۆکس بەشـــێکی زۆری کێشی لەشی و قژیشـــی لە دەستداوە بەهۆی تووشبوونی بە خەمۆکی.


٦- تۆری سپیللنگ تووشی حاڵەتێکی فشاری دەروونی بووە و دوای لە دایکبوونی منداڵێکی، کێشـــی بەشێوەیەکی ترسناك دابەزیوە.













## شیرین جیهانی:

# مەرج نییە فیلمەکانم بە تەواوی پێوەندیان بە پرسی ئافرەتەوە هەبێ

هەر لە منداڵییەوە شـــیرین جیهانی خولیای دونیای هونەر و ســـینەما و فیلم بووە و بەردەوام کاری بـــۆ کردووە تاکو توانیی لە ئارەزووە بتوانێت لە پشـــت کامیرا دابنیشـــێت شیرین جیهانی دەربارەی ئافرەت و ســـینەما و مەرجی ئافرەت بۆ ئەنجامدانی کاری ســـینەمایی دەڵێ: زۆر کەس پێیـــان وایە هەموو کاری ئافرەتان هەمووی پەیوەســـت بێت بە کێشـــەکانی ئافرەتان، بۆیە ئەمـــە مەرج نییە بۆ کارکردنم، چونکە ناکرێ لەبەر ئەوەی خۆم ئافرەتم فیلمەکانیشـــم بە تەواوی پێوەندیان بە ماف و پرســـی ئافرەتـــەوە هەبێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە پرســـی ئافرەتان لای من گرینگییەکـــی تایبەتیی هەیە هەر لەبەر ئەوەشـــە هەتا یەکەم فیلمی بەرز کە بەرهەمم هێناوە لە سەر مافی ئافرەتان بووە.

**زۆر لە ئەستێرە سینەماییەکان بەتایبەتی ئافرەتان هەوڵ دەدەن بە هەموو شێوەیەک کێشی لەشیان دابەزێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێژیمێکی سەختی خواردن پەیڕەو دەکەن لە هەمان کاتدا هەندێک لە ئەستێرەکانی دیکە گرفتی تەندروستیان هەیە کە دەبێتە هۆی دابەزینی کێشی لەشیان. ماری کات ئۆلسن بە هۆی گرفتی تەندروستی و دیمی مۆریش بەهۆی گرفتی دەروونی و لیندسی لۆهان بەهۆی زۆر خواردنەوەی ئەلکهول و ئەنجلینا جۆلیش بەهۆی ماندووبوونی لە ئەنجامدانی کاروباری ماڵەوە کێشی لەشیان دابەزیوە، ئەمانە ئەو ئەستێرە سینەماییانەن کە کێشی لەشیان زیاد لە پێویست دابەزیوە بۆیە وەک ئێسکە پەیکەریان لێهاتووە.**

٧- بە هۆی ئەو گرفتە زۆرانەی کە تووشـــی لیندسی لۆهان هاتن وەك بەکارهێنانی ماددە هۆشـــبەرەکان و دەستگیر کردنی و لە دەستدانی سامانێکی زۆر، ئەم ئەکتەرە خواردنی وەك پێویست نەبووە، بۆیە ئەمانە هۆکارێك بوون بۆ دابەزینی کێشی لەشی.

٨- کیبرا نایتلی تووشی نەخۆشـــییەك هاتبوو کە نەیدەتوانی بەشێوەیەکی ئاسایی خواردن بخوات، ئەمەش بووە هۆی دابەزینی کێشی، بۆیە کاتێك لەسەر دەریا بینرا جەماوەرەکەی تووشی شۆك کرد، بەڵام دایکی ڕایگەیاند کە خواردنی زۆر ئاساییە بێ ئەوەی کێشی زیاد بکات و خۆیشی حەز دەکات بەم شێوەیە بێت.

٩- ســـاڵی ٢٠٠٤ کاتێـــك تەمەنی ماری کاتی ئۆلســـن ١٨ ساڵی تێپەڕ کرد بەشێکی زۆری کێشی لەشی لە دەستدا ئەویش بەهۆی نەخۆشـــییەکی دەگمەن بوو، بەڵام دواتر کێشی ئاسایی بۆوە.

١٠- جەستەی نیکۆل ریچی وەك ئێسکە پەیکەرێکی لێهاتووە، چونکە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەشێکی زۆری کێشی لەشی لە دەستدا، زۆر لە چاودێران ئەمەیان بۆ هاوڕێیەتی لەگەڵ پاریس هیلتۆن و بەســـەر بردنی کاتێکی زۆر بەیەکەوە گەڕاندەوە، بەڵام ئێستا خەریکە کێشی لەشی دەگەڕێتەوە سروشتی خۆی.

